# لیبراڵیزم چییە؟

جۆن هۆفمان

وەرگێڕانی: زەردەشت نورەدین

لیبراڵیزم لەبنەڕەتدا ڕوانگەیەکی مۆدێرنە، وێڕای ئەوەی کە دەشێت هەندێ ڕووی لیبراڵیزم لەلای سۆفیستەکانی یۆنانی کۆن بدۆزرێتەوە بەوەی کە بڕوایان وابوو دەوڵەت شتێکی سرووشتی نییە بەڵکو گرێبەستە.

تۆماس هۆبز(١٥٨٨-١٦٧٩) یەکێک بوو لە یەکەمین لیبراڵەکانی بەریتانیا. ئەوەی کە هۆبز دەکات بە لیبراڵ ئەو پێشەکی و ڕوونکردنەوە سەرەتاییە لۆژیکیانە بوو دەربارەی فەردانیەتی ڕووت و ئەبستراکت کە بنەمای ئەرگومێنتی ئەو بوو بۆ بەرگریکردن لە دەوڵەتێکی یاسایی بەهێز. لیبراڵیزمی کلاسیک تا کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە، پەنجەی دەخستە سەر گریمانەی <<دۆخی

سرووشتی>>. لەو دۆخەدا مرۆڤ بەگوێرەی سرووشتیان یەکسان ئەژماردەکران کە لە دەرەوەی سنور و کۆتی دەوڵەت و کۆمەڵگا دەژین و ڕازیدەبن بەوەی کە لە ڕێگەی <<گرێبەستێکی کۆمەڵایەتییەوە>> دەوڵەت یان حکومەت پێکبێنن. گشتگیری و شمولیبوونی ئەم ئازادی و یەکسانییەیە کە لیبراڵیزم لەڕووی مێژووییەوە ئەوەندە بێبونیاد و بونیادهەڵنەگر و دژەسیستەم دەردەخات. هەموو تاکەکان لەسەر ئاستی تیۆری و زارەکییانە ئازادن، بەو جۆرە لیبراڵەشەوە کە ئەوە قەبوڵناکەن هیرارشیەت و هەرەمی سەرکوتکار شتێکی سرووشتی بێت. هۆبز لەبەر ئەو ئەرگومێنتەی کە دەڵێت: خەڵک بەشێوەیەکی سرووشتی هەوڵدەدەن بەسەریەکتردا حوکمبکەن؛ مرۆڤەکان مافی هەمیشەییان هەیە، هەر لە بنەڕەتەوە لیبراڵە. وێڕای ئەوەی هۆبز لە شەڕی ناوخۆی بەریتانیادا، لایەنی کۆنەپارێزەکانی گرت. بەڵام ئەرگومێنت و ڕوونکردنەوە سەرەتاییە لۆژیکیانەی ئەوبوو وایکرد پاشایەتیخوازان بە چاوی گومانەوە لێی بڕوانن و مامەڵەی بکەن. جۆن لۆک(١٦٣٢-١٧٠٤) لە تێڕوانینی باودا کارەکانی لیبراڵترە. لۆک بەرگری لە دەوڵەتێک دەکات کە یاسایی بێت. هەردووکیان، هۆبز و لۆک نفوز و کاریگەریی دەوڵەتیان دەبەستەوە بە گرێبەست و کۆدەنگییەوە. لۆک گرنگی و دەسەڵاتە دیاریکراوەکانی دەوڵەت لە بەرگریکردن لە "خاوەندارێتیی تایبەت"دا کورتدەکاتەوە و بنەڕەتیانە ئەوە قەبوڵدەکات کە هاوڵاتیی ناڕازی بتوانن دەوڵەتی ستەمکار بڕووخێنن. ڕاستە کە لیبراڵە کلاسیکییەکان ئەو ئەرگومێنتەیان دەخستەڕوو کە دەوڵەت بوونێکی گرێبەستئامێزی دەستکردی هەیە(واتە ناسرووشتی و دەستکردی مرۆڤە). **هەموویان لەسەر ئەوە کۆک بوون کە بوونی دەوڵەت زەرووریيە، لەبەرئەوەی بە هەر هۆیەک بێت دۆخی سرووشتی ناتوانێت درێژەبکێشێت.** تەنانەت جان جاک ڕۆسۆ(١٧١٢-١٧٧٨)کە باوەڕی وایە تاک لەڕێگەی پەیمان و گرێبەستی

کۆمەڵایەتییەوە سەرلەنوێ شێوەدەگرێتەوە و ئەوە دەخاتەڕوو کە تاک ئازادییەکی سرووشتی و دانەبڕاوی هەیە. بەم بۆنەشەوە ئەویش لیبراڵە. گریمان ڕەخنەگران لەوە بترسن کە دەوڵەتێکی مەشروع و ملکەچی ئیرادەی گشتی لە ئازادکردنی خەڵکیدا هێزی زۆر و فراوان بەگەڕبخەن. تا کۆتایی سەدەی هەژدە لیبراڵەکان گریمانەکانی دۆخی سرووشتییان بەلاوەنا. ئەوان ئەوەیان قەبوڵکرد کە تاکەکان بەبەردەوامی لە چوارچێوەی کۆمەڵگادا دەژین. ئەو وێنایەی کە دەوڵەت دروستکراوی گرێبەستێکی کۆمەڵایەتییە بە نائەقڵانی و بێ‌پاساو زانی. سەرەڕای هەموو ئەوانە، لیبراڵەکان بە گریمانەیەکی گشتی بیریان دەکردەوە لە تاک دەکردەوە، کە تاک چ پیاو و چ ژن(بێگومان پیاو زۆرتر) تێیدا لە جەستەی کۆمەڵگا دادەماڵرا.

**ڕۆسۆ بەئاشکرا و بەڕوونی ڕوانگەیەکی پیاوسالارانەی هەیە.** کاتێک کە وای دادەنێت هاوڵاتی دەبێت پیاو(نەک ژن) بێت. ئەم گریمانە بوو کە وای لە ماری وێلستن کرافت (١٧٥٩-١٧٩٧)کرد گلەیی و گازندە لە ڕۆسۆ بکات و بڵێت بەرگریی ڕۆسۆ لە ئازادی، ژنان لەخۆناگرێت. لەکاتێکدا دەشێت سودگەراکان گریمانەی مافی سرووشتییان ڕەتکردبێتەوە بەڵام ئەوانیش ئەوەیان پەسەندکرد کە دەبێت تاک وەک ئەتۆم و جیا لەیەکدی وێنا بکەن و دەکرێت ئازادیی تاکەکەسی بەموتڵەقی ڕووت و ئەبستراکت بخرێتەڕوو. کۆمەڵگا دەکەوێتە دەرەوەی تاکەکانەوە، تەنانەت ئەو کاتانەی کە لیبراڵەکان باس لە سرووشتی کۆیەتیی جۆری مرۆڤ دەکەن. داماڵینی تاکەکان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەیانکات بەوەی کە هەن. بەرکەوتنی زەرووری لە تیۆری گشتیی لیبراڵەکان کە دەیخەنەڕوو واقیعی کردارییان ڕووندەکاتەوە. لیبراڵەکان لە مێژوودا لایەنگری کویلایەتی بوون(هەرچیەک بێت کۆیلایەتی بەشێکە لە خاوەندارێتیی تایبەت) و

لایەنگری نوخبەگەرایی، پیاو/باوکسالاری، ئیستیعمار و دەسەڵاتی سیاسی چینی ناوەند بوون و تەنیا لە سەدەی بیستدایە کە لیبراڵەکان بەرگری لە ڕێسای دیموکراسی دەکەن. دەبێت کلیلی تێگەشتنی ئەم ناکۆکییە ڕواڵەتییە لەو دیدە لیبراڵییەدا دەدۆزینەوە کە پێی وایە کە بازار سرووشتییە و مەیلی خاوەندارێتی پەیوەندیی بە سرووشتی مرۆڤەوە هەیە و شتێکی سرووشتییە. مەبەست لە خاوەندارێتی تەنیا خاوەندارێتیی کەلوپەل و سامان نییە. خاوەندارێتیی چاودێرییە بەسەر ئەو دۆخەوەی کە دەتوانێت داهاتی پێویست بۆ درێژەدان بەسەربەخۆیی و پەیوەستنەبوون بە تاکی ترەوە دەستەبەربکات. بەگوێرەی ئەوەی تاکەکان ئارەزوویان بۆ خاوەندارێتیی تایبەت هەیە، پیاوان لە ژنان بەرزتر دەنرخێنن؛ درووستکەری خیزان و گواستنەوەی ئیش لە باوکەوە بۆ کوڕە. عەقلانیەت لەگەڵ دەستبەسەراگرتنی دۆخ و بەهیخۆکردنی سامان وەک یەک سەیردەکرێت. ئەوانەی کە ماڵ و داراییان نییە لە مافی هاولاتیبوون و دەنگدان بێبەریدەبن؛ "خەڵکانی شارستانی"، "بچوکەکان" ئیستعمار و داگیردەکەن و دەیانچەوسێننەوە، ئەو ناکۆکیانەی کە خاوەندارێتیی تایبەت درووستیدەکات وا لە لیبراڵەکان دەکات بەرگری لە زەروورەتی دەوڵەت بکەن. بێهۆ نییە کە جۆن ستیوارت میل دەیتوانی لە نامیلکە بەناوبانگەکەیدا بەناوی *لەبارەی ئازادییەوە*(١٨٥٩) ئەو ئەرگومێنتە بخاتەڕوو کە: ئەو کاتەی تاکەکان مەترسی بۆ سەر کۆمەڵگا درووستدەکەن زەبر و زەنگ نەک هەر زوورورییە بەڵکو هەندێ خەڵکی تایبەت (وەک هندییە سورەکانی ئەمەریکا) بۆ بەرێوەبردنی دەوڵەتداریی خۆیان هێشتا ئامادەی تەواویان نییە و دەبێت خەڵکانی تر بەسەریاندا حکوم بکات. بەڵام ئەوەی کە چۆن دەبێت دەوڵەت و ئازادی پێکەوە بگونجێنیت بۆ لیبراڵەکان بە چارەسەرنەکراوی دەمێنێتەوە؛ لەبەرئەوەی ئازادی ڕێک بە نەبوونی سەپاندن و زەبر ڕاڤە دەکرێت لەکاتێکدا کە دەوڵەت لە

لیبراڵیترین مانادا دەستکرد و ناسرووشتییە، بە شتێکی زەرووری ئەژمار دەکرێت. ڕەخنەگرانی لیبراڵیزم ئەو ئەرگومێنتە دەخەنەڕوو کە تەفسیری لیبراڵیزم بۆ ئازادی بێسەرەوبەرەیی و خۆ-وێرانکردن دەهێنێتە کایەوە، بەڵام ئێمە نابێت گریمانە ئەبستراکت و ڕووتەکانی تێگەشتنەکانی لیبراڵیزم وەک خۆی قەبوڵبکەین. ئەوان بە گریمانەی خاوەندارێتیی تایبەتەوە گرێدراون، کەواتە جێبەجێکردنی بەها لیبراڵییەکان بەم دامەزراوەوە واتە خاوەندارێتی تایبەتییەوە گرێدراوە. سەیر نییە کە لیبراڵیزم نائاگایانە و نائەنقەست پانتاییەکی گشتگیری لە ئایدۆلۆژیا بەرهەمهێناوە کە هەوڵدەدەن تیۆری لیبراڵی لەگەڵ لایەنی کرداری کۆمەڵایەتی تەبابکەن. ئەنارشیستەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە دەوڵەت تەگەرە و ڕێگرە لەبەردەم ئازادییدا؛ سۆسیالیستەکان دەڵێن ئازادی و یەکسانی نابێت تەنیا سیاسی و یاسایی بێت بەڵکو دەبێت کۆمەڵایەتییش بێت. فیمینیستەکان نارەزایی دەردەبڕن و دەڵێن ئەگەر بڕیارە فەردانییەت بۆ هەموان بێت ئەوا نابێت بەس بۆ پیاوان بێت، دەبێت ژنانیش لەخۆبگرێت و ئەمە لەکاتێکدایە کە لایەنگرانی مافی ئاژەڵان و ژینگە تانە لەوە دەدەن کە دەبێت دیدە یەکسانیخوازەکان لە سنوری مرۆڤایەتی زیاتر بڕۆن. لیبراڵە مۆدیرنەکان چەمکی ئازادییان بۆ پانتاییە کۆمەڵایەتییەکان گواستۆتەوە، هەر بەم بۆنەشەوە ئەندازیاری دەوڵەتی خۆشگوزەران[welfare state] لیبراڵێک بوو. لیبراڵە مۆدێرنەکان بازاڕ بە شتێکی خۆبەڕێوەبەر و خۆرێکخەر نازانن، بەڵکو وەک جۆن "مینارد کینز" کە خۆی لیبراڵێکی گەورەی بەریتانی بوو، بەرگری لە دەستێوەردانی دەوڵەت دەکات و ڕۆڵی دامەزراوە هەرەوەزییەکانی وەک هاوکارییەکان، گرووپە سەندیکاییەکان، یەکێتییە کریکارییەکان بۆ دابینکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی بە پێویست دەزانێت. لیبراڵە کۆمەڵایەتییەکان هەندێجار زۆر لە

سۆسیالیستەکان نزیکدەبنەوە، سەرەڕای ئەوەی بەشوێن گۆڕینی کۆمەڵگای سەرمایەدارییەوە نین بەڵام دەیانەوێت مرۆڤانەی بکەنەوە و عەدالەتی تێدا بەرجەستەبکەن. بێگومان گریمانەی ئەوەی کە تاکەکان لە ڕیگەی خاوەندارێتیی تایبەتەوە ئازادی بەدەستبێنن ئەوە هەر لە چەقی تیۆری لیبراڵیدا دەمینێتەوە.

سەرچاوە:

http://opinions1.blogfa.com/post-1.aspx